**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە ٦٩١ لە ٢٠١٥/١/٢٥**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (٥) برگە (٣)ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارمان دا بەدەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:**

## رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥
## رێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی بنە تۆی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**ماددەی یەکەم** : پێناسەی زاراوەکان :

**١- وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان**

**٣- بنە تۆو : مەبەست بنە تۆوی پەتاتەیە بە شێوەی سەرك**

**٤- کۆمپانیا : ئەم کۆمپانیە کشتوکاڵیانەن کە بروانامەی دامەزراندنیان هەیە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

**ماددەی دووەم : مەرجەکانی کۆمپانیای هاوردەکار :**

**١- کۆمپانیاکە بە گشتی تایبەت بێت لە بواری کشتوکاڵ و پسپۆری هەبێت لە بواری پەتاتە .**

**٢- کۆمپانیا بریکاری رەسەنی یەکێك لە کۆمپانیا سەرەکی یەکانی بواری بەرهەمهێنانی بنە تۆو بێت لە وولاتە پێشکەوتوەکانی بواری پەتاتە .**

**٣- دەبێت کۆمپانیا مۆلەتی هاوردەکردنی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و ماوەی هاوردەکردنی بەسەر نەچووبێت .**

**ماددەی سێهەم : مەرجە بنەرەتی یەکانی بنە تۆوی هاوردەکراو :**

**١- پێویستە جۆری بنەتۆوەکە تۆمار کراوبێت لە لایەن لیژنەی نیشتیمانی تۆمارکردن و پەسند کردنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ .**

**٢- بنە تۆوەکان پێشتر لە ساڵانی رابوردوودا لە هەرێمی کوردستان چاندرابن و سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەسەندی بکات .**

**ماددەی چوارەم : مەرجە هونەریەکانی بنە تۆوی هاوردەکراو :**

١- دەبێت بنە تۆوەکە لەناوکیس (گونیە) لە جۆری (جوت) بێت کێشیان ( ٢٥ ) یان ( ٥٠ )کغم بێت

٢- لەسەر گونیەکە ( لێبل ) هەبێت ، کە ناوی کۆمپانیا و جۆر و پلە و بەرواری لەسەر تۆمارکرابێت بەزمانی ئینگلیزی .

٣- تیرەی سەرکی بنە تۆوەکە لە نێوان ( ٣٥ – ٥٥ ) ملم بێت .

٤- دەبێت بنە تۆوەکە خاوێن بێت و نابێت ڕێژەی خۆڵ ( الاتربە )کە لە ١ ٪ کێشی بنە تۆوەکە زیاتر بێت .

٥- نابێت ڕێژەی بریندار بوونی بنە تۆوەکان لە ٢ ٪ تێپەر بکات .

٦- بنە تۆوەکە دەستکاری بۆ ماوەیی نەکرابێت ( غیر معدل وراپیا ) .

٧- لە کاتی چەکەرە کردن یان پاش چەکەرە کردن لە یەك جۆر لە بنە تۆو ،ئەگەر تووشی نەخۆشی بوو لە چەند کێلگەیەك لە پارێزگاکان ، پاش لێکۆلینەوە لە حالەتەکە ، هاوردەکار بەرپرس دەبێت .

**ماددەی پێنجەم : بنە تۆوی هاوردەکراو ئەم بروانامانەیان لەگەڵ دا بێت :**

١- بروا نامەی سەرچاوەی بەرهەمهێن .

٢- بروانامەی پشکنین و باوەر پێکردنی وولاتی بەرهەمهێنەر .

٣- بروانامەی سەلامەتی تەندروستی رووەك لە رێکخراوی ISTA .

٤- رەزامەندی کەرنتینەی سنووری هەرێمی کوردستانی هەبێت .

**ماددەی شەشەم : میکانیزمی گواستنەوەی بنەتۆو :**

١- پێویستە شێوازی گواستنەوەی بنە تۆو لە هەموو قۆناغەکاندا لە وولاتی بەرهەم هێنەرەوە بەئۆتۆمبێلی ساردکەرەوە بێت و تا دەگاتە هەرێمی کوردستان وەلە کۆگای ساردکەرەوە دابنرێت و بەپێی تایبەتمەندیکانی هەڵگرتنی بنە تۆو تا دەگاتە دەستی جوتیار .

٢- لە کاتی گواستنەوەی بنە تۆو لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی تری عێراق ، پێویستە رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو لایەنەی هەبێت کە بۆی دەگوازرێتەوە .

**ماددەی حەوتەم :**

لە کاتی هاوردەکردنی بنە تۆوی باوەر پێ نەکراو ( غیر معتمد ) بەمەبەستی چاندن و تاقی کردنەوە و تۆمار کردن ، رێگا دەدرێت تەنها بە هاوردە کردنی (١) تەن بۆ هەر جۆرێك ، وە سەرپەرشتی دەکرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تۆیژینەوەی کشتوکاڵی لە پارێزگاکان .

**ماددەی هەشتەم : میکانزمی داواکردن بۆ هاوردەکردنی بنە تۆو :**

١- کۆمپانیای هاوردەکار داوا پێشکەش دەکات بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای پەیوندار لەگەڵ هەموو زانیاریەکان ، پاشان داواکە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت ، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و ئەنجامدانی کاری پێویست .

٢- لیژنە پسپۆڕەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی سەردان و پشکنینی هەر جۆرە بنە تۆوەکیان هەیە کە دێتە هەرێمی کوردستان ، بەمەبەستی دڵنیا بوون لە جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکان .

٣-لەکاتی بوونی سەرپێچی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کارپێکراو ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.

**ماددەی نۆهەم :**

ئەم ڕێنماییەکاری پێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**عبد الستار مجید**
**وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**هۆکاری دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

بەرهەمی پەتاتە یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکی و گرنگەکان لە رووی بەهای ئابووری و خۆراکیەوە و لەم ساڵانەی رابووردوودا بەهۆی گرتنە بەری پلان و سیاسەتێکی سەرکەوتوو لەلایەن ( وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ) وە ئەم بەرهەمە گەشەیەکی زۆری بەخۆوە دی لە رووی بر و جۆرەوە ، وە ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیای تایبەتمەند لەم بوارە و جوتیارو بەرهەمهێنەری شارەزا دروست بوون ، لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئەم ڕێنمایانەمان دەرکرد .